شاعیر و نووسەری کورد بەختیار عەلی بوو بە خاوەنی خەڵاتی هەڵدا دەمین

شاعیر و نووسەری کورد بەختیار عەلی بوو بە خاوەنی خەڵاتی «هەڵدا دەمین»، کە یەکێکە لەو خەڵاتانەی کە سە ساڵ جارێک بە نووسەر و شاعیرانی جیهان دەبەخشرێت.

ئەمە سەشەمە (21ـی تشرینی دووەمی 2023)، لیژنەی تایبەت بە خەڵاتی «هەڵدا دەمین»، لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ نووسەری کورد بەختیار عەلی، مژدەی بردنەوەی خەڵاتی هەڵدا دەمینیان بە ساڵی 2021 پێ گەیاند.

خەڵاتەکە لەلایەن دامەزراوەی هەلدا دەمینەوە بە شاعیر بەختیار عەلی بەخشرا و سە ساڵ جارێک دەبەخشرێتە نووسەرێکی ئەدەبی.

بەختیار عەلی، دوای وەرگرتنی خەڵاتی نیلی زاکس لە ساڵی 2017، ئەمە دووەمین خەڵاتی گرنگە کە وەریبگرێت.